# بەرێزان لیژنەی کاتی کاری هاوبەشی چەپ

ماندونەبن

راگەیاندنێکی ئێوەم بەرچاو کەوت کە لە ٢٠٠٣/٣/١٧دا نوسراوە و لە سایتی کوردستان نیت و دەنگەکان لە ٢٠٠٣/٤/٣ دا بلاوکراوەتەوە لە ژیر ناونیشانی کۆبوونەوەیەکی دیکەی فراوان (بۆ کاری هاوبەشی چەپ) بە رێوە چوو.

ئەو راگەیاندنەتان چەند پرسیاریک دەهینیتە بەردەم خۆینەر، هیوادارم کە وەلام بدرێنەوە.

١- ئەو کەسایەتی و ریکخراوە چەپانەی بەشداریان کردووە لە کۆبونەوەکەدا کێن؟

٢- ئەو ١١ کەسەی هەلبژیردراون بۆ لیژنەی کاتی بۆچی ناوەکانیان نەنوسراوە؟

٣- مەبەست لە لیژنەی کاتی چییە. . . ؟ بەنیازن لیژنەی تر هەلبژیرن چۆن و کەی؟

٤- حیزبی کۆمۆنستی کریکاری بەشداری کردووە؟

٥- کۆبونەوەکەتان لە کاتی دەست پیکردنی هیرشەکانی ئەمریکادا بووە، دوای ئەو هیرشانە کۆبونەوەی ترتان کردووە و چی دەلین؟.

٦- ئایا تائیستا بلاوکراوەکەتان (کاری هاوبەش) دەرچووە؟.

٧- لە هەمووی گرنگتر سنوور بەندی سیاسی و عەملیتان لە بەرامبەر ناسیۆنالستی کوردیدا چۆن دەکەن؟، ئایا خەتی سەربەخۆی کۆمۆنستی دەتوانن بپاریزین؟، ئایا کاری هاوپەشی چەپ ئەتوانی ئەو کارە بکات؟ یان ئەوە کاری حیزبیکی کۆمۆنستییە!

بە هیوای وەلامتانم

عادل ئیبراهیم

٢٠٠٣/٤/٦

www.kurdistannet.org کوردستان نێت